# یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٩**
**رۆژی بڕیار: ٢١/ ١٠/ ١٩٩٧**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆو بە رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢١/ ١٠/١٩٩٧ی دا ئەم یاسایەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

ئەمە دەخرێتە سەر کۆتایی ماددەی چوارەم و دەبێتە برگە «و»ی ئەم ماددەیە، بەم شێوەیە:

(و): کۆلیژی پۆلیس: بەڕێوەبەرەکەی (راگری کۆلیژ) بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ بە مەرجێ ئەفسەری پۆلیس بێ و پلەکەشی لە عەقید نزم تر نەبێ و بروانامەی هەردوو کۆلیژی پۆلیس و یاسای هەبێ، نیش وکارەکانی ئەم کۆلیژە بەپێی یاسایەکی تایبەت رێک دەخرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوبوونەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**